وەزارەتی کارەبای هەرێم: سبەی کارەبا ئاسایی دەبێتەوە

وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە دوای کەوتنەوەکاری کێڵگەی غازی کێمە، سەرلەبەیانی سبەی شەممە دەخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ئاسایی دەبێتەوە.

وەزارەتی کارەبا ئەمشەو هەینی ڕایگەیاند: پاش هەوڵ و کۆششی وزارەتی سامانە سروشتییەکان و وزارەتی کارەبا و تیمەکانی کەمپانیای دانەغاز، توانرا گرفتی بڕەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کێمە چارەسەر بکرێتەوە.

ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا لە ڕێگەی سێنتەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمەوە سەرقاڵی ئاسایکردنەوەی ئیشپێکردنی یەکەکانی وێستگە غازییەکانی کارەبان.

وەزارەتی کارەبا جەختیشی کردەوە کە پرۆسەی ئیشپێکردنەوەی یەکەکانی وێستگە غازییەکان تاوەکو کاتژمێر 10ی بەیانی دەخایەنێت.